KOREK

ئەستێرەکانی ریال مەدرید ئیسکۆ هەڵدەبژێرن..

# بەیڵ بۆ پیرێز: یان من یان ئیسکۆ!

رووداوی وەرزشی - CNBC

گاریس بەیڵ، یاریزانی وێڵزی لاباڵی ریال مەدریدی ئیسپانی، کارگێڕی یانەکەی تووشی تاسان کرد، بە بەستنەوەی چارەنووسی بە یاریزانی ناوەڕاستی ئیسپانی ئیسکۆ لە وەرزی داهاتوودا.

بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی دۆن باڵۆنی ئیسپانی، بەیڵ هۆشداری رۆیشتنی لە ریال مەدرید دا، ئەگەر ئیسکۆ وەرزی داهاتوو لە ریزەکانی تیپەکە بمینێتەوە. وەک ئەو رۆژنامەیە نووسیویەتی «بەیڵ بە فلۆرەنتینیۆ پیرێزی سەرۆکی ریالی گوتووە: یان من یان ئیسکۆ لە ریال مەدرید، دەبێت لە هاوین بیفرۆشن، ئەگەرنا جانتاکەم هەڵدەگرم و دەڕۆم».

رۆژنامەی دۆن باڵۆنی ئیسپانی باس لەوە دەکات، بەیڵ داوای لە ریال کردووە ئیسکۆ بفرۆشن، تاوەکو شوێنی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکی مێرینگێ لە وەرزی داهاتوو بەدەستبهێنێتەوە.

بەیڵ لە خەیاڵی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی دایە، بریکارەکەشی بە کردەوە گەشتی ئینگلتەرای کردووە، بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆزێ مۆرینیۆی راهێنەری شەیتانە سوورەکان دانوستان بکات.

رۆژنامەی ئەندیپێندیتی بەریتانیش باس لەوە دەکات، هەندێ ئەستێرەی کاریگەری ریال مەدرید، رێگری لە فرۆشتنی بەیڵ لە میرکاتۆی هاوینەی داهاتوو ناکەن «ئەوان پێیانوایە، فرۆشتنی بەیڵ لەوانەیە رێگە بە یانەکە بدات، وەبەرهێنان لە پارەکانیدا بکات و یاریزانانی دیکە بۆ شوێنەکانی دیکەی تیپەکە پێبکرن».



WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (449) سێشەممە 2017/5/16 26ی گوڵان - 2717 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

پزیشکان چەندینجار هۆشداریان داوەتێ کۆنتی سەبارەت بە وەستانی دڵ و جەڵتەی مێشک..

# لەندەنی شین

## "کۆنتی بە 13 یاریزان توانیویەتی ببێتە یەکەمی پرێمەرلیگ"

3





## ناوی گەنجێکی دهۆک بەهۆی شناوەوە دەچێتە کتێبی گینس



2

## میسییەکەی ئێران هیچ لە تۆپی پێ نازانێت



3

## ریال مەدرید بۆ نەیمار: ئەو زەبرە یەک لە سێیانە!



5



## رۆناڵدۆ لە رەمەزاندا سوپرایزی بۆ موسڵمانان هەیە

6




## بێدەنگ نابن

دوای چەند رۆژێک لە کوژرانی دیار مەلا ئەکبەر، راهێنەری تیپی تازەپێگەیشتووانی یانەی بازیان، تاوەکو ئێستا پرسە بۆ ئەو راهێنەرە دانەنراوە و بنەماڵەی راهێنەرەکە دەڵێت «ئەوکاتە پرسە بۆ کوڕەکەیان دادەنێن کە بکوژەکەی بگاتە سزای خۆی». لەو بارەوە سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستانیش بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند کە ئەوانیش هەڵوێستیان لەمەڕ ئەو رووداوە دەبێت و گوتی «بێگومان ئێمە لەبەرامبەر ئەو رووداوەدا بێدەنگ نابین».

جەرجیس دێ بیتە پاشایێ شناوان ل جیهانێدا..

# ناڤێ گەنجەکێ دهۆکێ دێ چیتە د پەرتوکا (گینس)دا





«راهێنەرەکێ ئیماراتێ داخواز ژمن کریە ئەز بچم ل وەلاتێ وی ڤان ریکوردان تومار بکەم»

**عیرفان محەممەد ئەمین**
**رووداوی وەرزشی ـ دهۆک**

گەنجەکێ کورد و ئاکنجیێ پارێزگەها دهۆکێ، دێ هەڤرکیێ کەت لسەر شکاندنا ریکوردێن جیهانی و دێ ناڤێ خۆ تومار کەت د پەرتوکا (گینس)دا.

جەرجیس رەشید جەرجیس، ژ دایکبوویێ سالا 1987، بۆ ماوێ پتر ژ 14 سالانە یاریکەرێ چەندین یارییێن وەرزشییە، وەک یارییێن CROSS FIT و FITNESS BODY و یارییێن خۆ لێکدانێ وەک کینگ بوکسینک و موای تای و MMA.

هەروەسا قارەمانێ کوردستانێ و عێراقێ یە یێ یارییێن موای تای و MMA.

جەرجیس بۆ (رووداوی وەرزشی) دبێژیت «ژبلی ڤان یارییان مەزنترین خەڤنا من ئەوە ئەز ناڤێ خۆ توماربکەم د پەرتوکا (گینس)دا ئەڤە بۆ من و وەلاتێ من دێ بیتە مێژوویەک و هەروەسا ئەڤە ب شیانێت تاکەکەسی دهێتە دیارکرن و هەڤرکیێ لسەر شکاندنا ریکوردا بکەم.

جەرجیس هەروەسا دبێژیت «ئەز وەکو یاریکەرەک خۆ دبینم و ئەڤە بۆ ماوێ پتر ژ 3 سالانە ب رێکا تورێن جڤاکی و ب پەیوەندیان دگەل رێکخەرێن پەرتوکا گینس و چەندینجارا ریکوردێن خۆ بۆ من هنارتینە و ڤیایە ئەز بەشداربم د شکاندنا ریکوردا دا و ب تایبەت (شناوان)». هەروەسا دبێژیتیش «لدووڤ وان ریکوردێن وان بۆ من هنارتین، ئەز شیایمە چەندین وان ریکوردان بشکێنم لێ دڤێت ئەز لژێر چاڤدێریا وان ڤان ریکوردان بشکێنم دا بهێنە پەسەندکرن.

هەروەسا ئەڤ ریکوردە ئەڤە بۆ ماوێ 37 سالانە نەهاتینە شکاندن، ژبلی ڤان ریکوردان خەونا منە ئەز ناڤێ خۆ دپەرتوکا (گینس)دا توماربکەم وەکو پاشایێ شناوان، ژبەرکو ئەڤە حەزا منە».

جەرجیس، ئەو چەندیش بۆ (رووداوی وەرزشی) ئاشکراکرد کو تا نوکە وی چ پشتەڤان نینن و هاریکارین دگەل وی و گوت «راهێنەرەکێ وەلاتێ ئیماراتێ داخواز ژمن کریە ئەز بچم وێرێ و ڤان ریکوردان ل وێرێ تومار بکەم، دیسان چەندین هەڤالان رێک بۆ من دیتینە ئەز بچم وەلاتێن بیانی و ریکوردان ل وان وەلاتان تومار بکەم، لێ بتنێ من دڤێت ئەز ڤان ریکوردان ل وەلاتێ خۆ و بۆ وەلاتێ خۆ توماربکەم». ئەوی هەروەها گوتژی «گەلەک گەنجێن دی وەک من ل پارێزگەها دهۆکێ و ل کوردستانێ هەنەو خۆدان شیانن، لێ ژبەر نەبوونا پشتەڤانیێ نە شیاینە بەشداربن د ڤان یاریان و شکاندنا ریکوردان دا».

دەڵێت پێشتر فیڵم لێکراوە..

# کچە کوردێک هەڵبژاردەی عێراق رەتدەکاتەوە

**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

ساز فەرەیدون، یاریزانی تۆپی دەستی یانەی هەولێر، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند بەهۆی ئەوەی کە پێشتر لە پاڵەوانیەتی عەرەبی غەدریان لێکردووە، بڕیاری داوە بۆ پاڵەوانیەتی ئاسیا یاری بۆ هەڵبژاردەی عێراق نەکات و گوتی «ئەگەر یەکێتی تۆپی دەستی عێراقی داوای لێبوردنم لێ نەکات، درێسی هەڵبژاردەی عێراق لەبەر ناکەمەوە».

ساز فەرەیدون، کچە یاریزانی تۆپی دەستی یانەی هەولێر، لەلایەن دەستەی راهێنەرانی هەڵبژاردەی تۆپی دەستی عێراقی بانگهێشتکراوە بۆ بەشداریکردن لە جامی وڵاتانی ئاسیا، کە بڕیارە لە دوای مانگی رەمەزان ئەنجام بدرێت، بەڵام بەهۆی فێڵ لێکردنی و دەرهێنانی ناوی لە بەشداریکردنی لە پاڵەوانیەتی وڵاتانی عەرەبی، ساز ئامادە نییە جارێکی دیکە پەیوەندی بە هەڵبژاردەی عێراقەوە بکات و بایکۆتی هەڵبژاردەکە دەکات.

ساز فەرەیدون، لەو بارەوە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «من وەک هەڵوێست وەرگرتنێک لەبارەی ئەو ستەمەی جاری پێشوو بەرامبەر منیان کرد، کە لە دوایین رۆژەکانی گەشتی هەڵبژاردەی عێراق ناوی من وەک کاپتنی هەڵبژاردەکە دەرهێنرا، ئینجا بەهەر بیانوویەک بێت، بڕیارمداوە یاری بۆ هەڵبژاردەی عێراق نەکەمەوە».

ئەو کچە یاریزانە کوردە، هەروەها گوتی «سەرەتا ئەوان منیان دیاری کردبوو، جگە لەوەش من یاریزانم بۆ دۆزینەوەو مەشقم پێدان، کەچی لە دوایین رۆژەکان ناوی من لەلایەن کەسێکی دیاریکراو دەرهێنرا، لەبەرئەوە منیش ئێستا بانگهێشتنامەی ئەوان رەتدەکەمەوە، کە بەفەرمی لەلایەن کاپتن عەبدی راهێنەری هەڵبژاردەکە بانگهێشتکراوم بۆ ئەوەی دەست بەمەشقەکان بکەینەوەو بەشداری لە جامی وڵاتانی ئاسیادا بکەین».

ساز فەرەیدون، لەو بارەوە زیاتر گوتی «ئێستا ئەوە هەڵوێستی منەو بەهیچ شێوەیەک ئامادەنیم لەگەڵ هەڵبژاردەی تۆپی دەستی عێراقی بەشداری لەو پاڵەوانیەتییەدا بکەم، پێویستە یەکێتی تۆپی دەستی عێراقی بەفەرمی داوای لێبوردنم لێبکات لەسەر ئەو کارەی لەبەرامبەر من ئەنجامدرا، کە هیچ کەسێک هەڵوێستی نەبوو، بۆیە هەر کاتێک بەفەرمی داوای لێبوردنم لێکرا، منیش بڕیار دەدەم ئایا بەشداری دەکەم یان نا». هەروەها کچە یاریزانی ناوبراو گوتیشی «نابێ چیدی ئەوان بەمشێوەیە سەیری یاریزانی کورد بکەن، سەرەڕای ئەو هەموو ماندووبوونەم ئینجا فێڵم لێکرا، لەبەرئەوە بەهیچ شێوەیەک ئامادەنیم بۆ ئەوان خۆم ماندوو بکەمەوە».

«ئەگەر یەکێتی تۆپی دەستی عێراقی داوای لێبوردنم لێنەکات درێسی هەڵبژاردەی عێراق لەبەر ناکەمەوە»

بەشار ئەسعەد عەلی:

# ئەو وەرزشوانەی مەرگ نەیهشێت بە ئاواتەکەی بگات



«بەشار لە مەڵەوانگەی زانکۆی زاخۆدا خنکا»

**عومەر قاسم**
**رووداوی وەرزشی ـ شێخان**

بەشار ئەسعەد عەلی، کە یەکێک بوو لە خوێندکاری پەروەردی وەرزشیی زانکۆی زاخۆ، لە کاتی مەشقکردنی لە مەلەوانگەی زانکۆ خنکا، کە یەکەم ساڵی خوێندنی بوو.

لە 2017/4/26 بەشار لەگەڵ هاوپۆلەکانی لە کاتی دەوامی زانکۆ بۆ چوونە مەشقکردن بە سەرپەرشتی ماموستای بابەتەکە روویان لە مەلەوانگەی وەرزشیی کردووە، کە مەلەوانگەکە دەکەوێتە دەرەوەی زانکۆ. لەدوای تەواوبوونی ماوەی وانە وەرزشییەکەیان مامۆستا و هاوپۆلەکانی بەشار مەلەوانگە جێدەهێڵن، بێئەوەی بزانن کە بەشار لەنێو مەلەوانگەکەدا خنکاوە.

مامۆستا و قوتابیان دەگەڕێنەوە زانکۆ، بێئاگا لەوەی بەشاری هاوڕێیان خنکاوە، دوای کاژێرێک هەواڵی خنکانی بەشار دەگاتە مامۆستا و خوێندکارانی هاوڕێی.

بەشار، لەدایکبووی ساڵی 1998ی ناحیەی کەلەکچی سەر بە قەزای شێخانە، لە 2016/9/29 لەگەڵ یەکێک لە ئامۆزاکانی دەچنە زاخۆ بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی وەرگرتن لە بەشی پەروەردەی وەرزشیی، لە 2017/1/7 بەشار زۆر دڵخۆش دەبێت بەوەی ناوی دەگەڕێتەوەو وەک قوتابییەکی بەشی وەرزشیی لە زانکۆی زاخۆ قبوڵ دەکرێت، بەڵام ئەو نەیدەزانی کە هەر لەو زانکۆیە مەرگ دەبێتە میوانی. وەک کەسوکارەکەی بەشار بۆ (رووداوی وەرزشی) باسی دەکەن، ئەو هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە حەز و ئارەزووی بواری وەرزشیی بەگشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی هەبوو. یاریزانێکی دیاری تیپێکی میللی دەڤەرەکەش بوو، کە لە هێڵی بەرگری یاری دەکرد.

ئاواتی ئەو خوێندکارە ئەوەبوو، رۆژێک کولیژ تەواو بکات و بگەڕێتەوە دەڤەرەکەی، بۆ ئەوەی خزمەتی بواری وەرزشی بکات، بەڵام بەداخەوە کە مەرگ نەیهێشت بەو خەونەی بگات.

# گرووپی شادۆ ئۆف پار کۆر

**پێشەوا بەختیار**
**رووداوی وەرزشی ـ چەمچەماڵ**


گرووپی شادۆ ئۆف پار کۆر، گرووپێکی تایبەتە بە ئەنجامدانی یارییە وەرزشییە مەترسیدارەکان، لەلایەن چەند گەنجێکی چەمچەماڵەوە دامەزراوەو ئێستا خەریکی ئەنجامدانی ئەو یارییە ترسناکەن.

سەرکەوت مەتحەت، سەرۆکی گرووپی ناوبراو، لەو بارەوە قسەی بۆ (رووداوی وەرزشی) کرد و گوتی «ئەو گرووپە ماوەی زیاتر لە 6 مانگە لەلایەن چەند گەنجێکی شاری چەمچەماڵەوە دامەزراوە، کە جۆرە وەرزشێکی مەترسیدار ئەنجام دەدەن».

هەروەها گوتیشی «گرووپێکی 7 کەسین، وەرزشکردنەکەمان وەرزشێکی مەترسیدارە، چەندینجار خۆم و هاوڕێکانم تووشی شکان بووینە (قاچ، دەست و لووت)».

وەک سەرۆکی ئەو گرووپە ئاماژەی بۆ دەکات، ئەوان دەیانەوێت بەو وەرزشە مەترسیدارە ناوی کورد و کوردستان بەرەو پێشەوە ببەن «ئێمە نمایشەکانمان لە شوێنە گشتییەکان و شوێنە مەترسیدارەکان ئەنجام دەدەین و خەڵکی بەتام و چێژەوە سەیری نمایشەکانمان دەکەن».

سەرکەوت مەتحەت، باس لەوە دەکات کە سەرەڕای ئەوەی هیچ کەس و لایەنێک هاوکاری نەکردوون، بەڵام ئەوان بەردەوامن لەسەر ئەنجامدانی ئەو وەرزشە، چونکە وەک خۆی دەڵێت «حەز و سووربوونمان لەسەر وەرزشکردنەکە وایلێکردووین بەردەوام بین. ئەمە لە کاتێکدایە کە راهێنەریشمان نییە، بەڵکو بەخۆمان خۆمان پێگەیاندووە». هەروەها دەشڵێت «پەیوەندیمان لەگەڵ گرووپەکانی شارەکانی دیکە هەیەو زۆر هاوکارییان کردووین، داواکارم زیاتر ئاوڕ لەم وەرزشە بدرێتەوەو خزمەتی بکرێت، چونکە وەرزشێکی کەم و دەگمەنە».




بەهرەیەکی میللی

# توانا نوری..

# ناوبژیوانێکی بەتوانای پڕ لە ئومێد



**ئا: شێروان شێرزاد**

کەمن ئەو وەرزشوانانەی لە تەمەنێکی بچووکەوە هەوڵی دەرخستنی تواناکانی خۆیان دەدەن، لە هەمانکاتدا ئاستێکی بەرزو نموونەیشی هەبێت لەم کارەی کە ئەنجامی دەدات. توانا نوری دانیشتووی شارۆچکەی بەحرکەیە، هەر لە منداڵییەوە خولیای وەرزش بووەو یەکێک لەو وەرزشوانە دەگمەنانەیە، کە هەرگیز لە وەرزشکردن بەتایبەتی کاری ناوبژیوانیی ماندوو نابێت. ئەو هەمیشە و بە چەندین شێوەش هەوڵیداوە پەرە بەم بوارەی خۆی بدات.

توانا نوری، کە ساڵی 1990 لە شاری هەولێر لەدایکبووە، دەرچووی پەیمانگای وەرزشیی هەولێرەو ئێستاش قوتابییە لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی، ناوبژیوانێکی بە توانایەو بەشێکی زۆری کاتەکانی بۆ بواری وەرزش و خزمەتکردنی وەرزشوانان تەرخان دەکات.

توانا، وەک هەر وەرزشوانێکی دیکە سەرەتا وەک یاریزان یاری بۆ چەند تیپێکی میللی کردووە، دواتر لە بواری ناوبژیوانیدا لە چەند خولێکی تیپە میللییەکان لە شاری هەولێر کاری داوەری کردووە، کە دواتر هەر لە قۆناخی دووەمی پەیمانگادا لەبەر دەرکەوتنی بەهرەی ناوبژیوانیی لەم وەرزشوانە بەتوانایەدا، پەیوەندی بە ناوبژیوانانی کوردستان دەکات و سوود لە ئەزموون و رێنماییەکانی سیروان سەلمانی ناوبژیوانی پیشەگەری کوردستان دەکەوێت، کە ئەوکات سەرۆکی ناوبژیوانانی کوردستان بووە.

توانا، بۆ ماوەی 6 مانگ لەگەڵ ناوبژیوانانی کوردستان بەردەوامی هەبووەو دواتر لەبەر تەواوکردنی خوێندنەکەی نەیتوانیوە بەردەوام بێت لە پەرەپێدانی بەهرەکانی لەم بوارەدا.

توانا نوری، دوای تەواوکردنی خوێندنی خۆی لە پەیمانگای پەروەردەی وەرزش لە شاری هەولێر، لە هەردوو قوتابخانەی رۆزاکی نموونەیی و ئامادەیی ژیری کچان پیشەی مامۆستایەتی کردووە، لە پاڵ پیشەی مامۆستایەتیدا لە کاری ناوبژیوانیش دانەبڕاوەو بیری هەر لەلای ئەم کارەی بووە، کە هیواو ئارەزووی بووە، بۆ ئەم مەبەستەش بەشداری لە هەردوو خولی ناوبژیوانانی (پلە دووی عێراقی و کوردستان)دا کردووە، دواتریش لە خولی فاستلینک بۆ ئاستی تازەپێگەیشتووانی کوردستان، کە لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو داوەریی کردووەو لە 4 یاریدا ناوبژیوانی ناوەڕاست بووە.

توانا نوری، زۆر سوپاسی ئەو کەسانە دەکات کە پشتگیریان کردووە لەم بوارەدا، بەتایبەتی هەردوو ناوبژیوانانی بە توانای کوردستان سیروان سەلمان و سامی بندیان. ئەو لەسەر ئاستی جیهاندا زۆر سەرسامە بە کۆلینای ناوبژیوانی پێشووتری بەناوبانگی ئیتالی و هیواداره رۆژێک نیشانەی نێودەوڵەتی وەربگرێت و وەک ناوبژیوانێکی کورد بەشداری لە پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییەکاندا بکات.



**بێدەنگە**

لەو کاتەی چینێکی زۆری وەرزشـوانان بەبردنەوەی ئیمانوێل ماکرۆن لە هەڵبژاردنەکانی سـەرۆکایەتی فەرەنسـا کاریگەر بوون، زەینەدین زیدانی ڕاهێنەری یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی، بێدەنگی هەڵبژاردو کۆمێنتی لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی نەدا، هەرچەندە چەند ڕۆژێک پێش هەڵبژاردنەکان داوای کردبوو، ڕێگە لە مارین لۆپین و پارتە ڕاستڕەوەکەی بگیرێت. بەهەمانشێوە هەردوو یاریزانی فەرەنسی سەمیر ناسری یاریزانی سڤیلیا و فرانک ڕیبێری ئەستێرەی بایرن میونشن، بێدەنگیان هەڵبژارد، ئەوەش ئەوە دەردەخات کە ئەو دووانە پەیوەندییان بە فەرەنسا پچڕاندووە.

چوارەم ڕاهێنەری ئیتاڵییە نازناوی پریمەرلیگ بباتەوە..

# کۆنتی.. ئەندازیاری لەندەنی شین

## «پزیشکان چەندینجار هۆشداریان داوەتە کۆنتی سەبارەت بە وەستانی دڵ یان جەڵتەی مێشک»



**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

«لەندەنـی شـین»، بەم دوو وشـەیە هاندەرانی یانـەی چێڵسـی ئینگلیـزی ئاهەنگەکانیـان لەنێو شـەقامەکانی لەنـدەن گێـڕا، بە بۆنـەی بردنەوەی نازناوی پریمەرلیگ بە سەرپەرشتی ئەنتۆنیۆ کۆنتی ڕاهێنەری ئیتاڵی، کە لە سەرەتای ئەم وەرزەدا ئەرکی ڕاهێنەرایەتی ئەو یانەیەی وەرگرتبوو.

### ئەندازیار

زۆربـەی چاودێران، هۆکاری ئەم دەسـتکەوتەی چێڵسـی بۆ ڕاهێنەر دەگەڕێننەوەو پێیانوایە کۆنتی بە پلـەی یەکـەم ئەندازیـاری ئەم سـەرکەوتنەیە. مات لۆتیسـی، ڕۆژنامەنووسـی بەناوبانگی بەریتانی لـە وتارێکدا بـاس لەوە دەکات کـە ڕاهێنەرانی یانە گەورەکانـی دیکـەی پریمەرلیگ هـۆکار و یاریزانی زیاتریان لەبەردەستدا بووە بۆ ئەوەی بتوانن نازناوی پریمەرلیگ ببەنەوە، بەڵام کۆنتی جیاوازییەکە بووەو دەڵێت «کۆنتی توانی جیاوازی دروسـت بکات، ئەو وەک ئەندازیارێـک پلانـی بۆ بردنـەوەی یارییەکانی دادەنـاو لە کۆتاییدا بەسـەر هەمووانـدا زاڵ بوو». هەروەها مات دەشـڵێت «لە ڕاستیدا کۆنتی بە 13 یاریـزان توانیویەتی ببێتـە یەکەمی پریمەرلیگ، کە زۆربەی جار تەنیا بەو یاریزانانە یاریکردووە».

کارلۆ ئەنچیلۆتی، ڕاهێنەری پێشـووی چێڵسی و ئێسـتای بایرن میونشنی ئەڵمانیش پەسنی کۆنتی دەدات و دەڵێـت «کۆنتـی هـەرزوو توانـی خولـی ئینگلیزی بخوێنێتەوەو دەیزانی چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکات، دوای سەرەتایەکی خراپ هەرزوو کێشەکانی تیپەکـەی دەستنیشـانکرد و بەباشـترین شـێوە چارەسـەری بـۆ دۆزینەوە، ئەمـەش تەنیا ڕاهێنەرە بەتواناکان دەیکەن».

### 4 ـ 4

ئـەو ئەندازیارە ئیتاڵییە لە یەکـەم وەرزیدا ناوی خۆی لە مێژووی پریمەرلیگدا تۆمارکردو بووە چوارەم ڕاهێنـەری ئیتاڵی کە نازنـاوی پریمەرلیگ بباتەوە، لەدوای هەریەک لە کارلۆ ئەنچیلۆتی لەگەڵ چێڵسی، ڕۆبێرتۆ مانچینی لەگەڵ مانچێستەر ستی و کلاودیۆ ڕانییێری لەگەڵ لیستەر ستی. هەروەها بووە چوارەم ڕاهێنەر لە پریمەرلیگدا کە لە یەکەم وەرزیدا نازناوەکە بباتەوە، لـەدوای هەریەک لە خۆزێ مۆرینیۆ، کارلۆ ئەنچیلۆتی و مانوێل پلیگرینی. هەروەها ئەمە چوارەم نازنـاوی خولە ناوخۆییەکانـی ئەوروپایە کە کۆنتی بەدوای یەکەوە بەدەستیان دەهێنێت، دوای بردنەوەی 3 نازنـاوی خولـی ئیتاڵی لەگـەڵ یوڤانتۆس و ئەم نازناوەی پریمەرلیگ لەگەڵ چێڵسی.

### 2 نهێنی

کۆنتـی 2 نهێنـی خـۆی ئاشـکرا دەکات، کـە یەکەمیان لەگەڵ سەرۆک و بەرپرسانی یانەی چێڵسی بووە. ئەو گوتی «لە ڕاسـتیدا کە گرێبەستم لەگەڵ چێڵسـی واژووکرد، لەسـەر ئامانجەکانی ئەم وەرزە قسەمان کرد، لەگەڵ ڕۆمان ئەبرامۆڤیچ و بەرپرسانی دیکەی چێڵسی لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە بتوانین بۆ وەرزی داهاتوو بەشداری لە چامپیۆنزلیگدا بکەین». ئەو بە پێکەنینەوە گوتیشـی «لە کۆتاییدا توانیمان ئەوە بکەین، لەگەڵ بردنەوەی نازناوەکەش».

سەبارەت بە نهێنی دووەمیش، کۆنتی ئاشکرایکرد «چەندینجار پزیشـکان هۆشـداریان پێـداوە کە لە کاتـی بەرێوەچوونـی یارییەکاندا گوشـارێکی زۆری لەسـەرەو پێیانگوتـووە بەردەوام بوون لەسـەر ئەم حاڵەتـە دەروونییە، کە هەمیشـە بـە دەمارگیری و حەماسـەتێکی زیاتر لە پێویسـت مامەڵـە دەکات، لەوانەیە ئەنجامی خراپی هەبێت و تووشی وەستانی دڵ یان جەڵتەی مێشکی بکات».

«کۆنتی بە 13 یاریزان توانیویەتی ببێتە یەکەمی پریمەرلیگ»



# سوارێز: بەهۆی کلینی زۆر گریاوم

**ئا: سامان وڵاتژێری**

لویـس سـوارێز، ئەسـتێرەی هەڵبـژاردەی ئۆرۆگـوای و یانـەی بارسێلۆنای ئیسپانی نهێنییەکی خۆی ئاشکرا کردو ڕایگەیاند کاتێک پەیوەنـدی بە یانـە کەتالۆنییەکەوە کردووە پڕ بـەدڵ گریاوە بەهۆی ئـەو گازەی لە جۆرجیۆ کیلینی بەرگریکاری ئیتاڵی یانەی یوڤانتۆس گرتووە.

لە مۆندیالی 2014ی بەرازیل، کە ئەڵمانیا نازناوەکەی بردەوە، لە یاری نێوان هەڵبژاردەی ئۆرۆگوای و ئیتاڵیا، لویس سوارێز گازێکی لە کیلینی گرت و بەهۆیەوە سوارێز بۆ 9 یاری نێودەوڵەتی سڕکرا. سوارێز لەبارەی ئەو ڕووداوەوە نهێنییەکی ئاشـکراکردو بە ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی گوت «کاتێک بریکارەکەم پێیگوتم بارسا دەیەوێ گرێبەستت لەگـەڵ بکات، بڕوام نەکرد، چونکە وامدەزانی ڕووداوەکەی من لەگەڵ کلینی کۆتایی منی نووسیوە، بۆیە کە دووپاتیکردەوە بارسا داوای منی کردووە زۆر گریام».

سـوارێز، لە درێژەی قسەکانیدا گوتیشی «من کەسێکی بەبەختم کە بوومەتە هاوڕێی لیۆنێل مێسـی ئەسـتێرەی ئەرجەنتینی و نەیمار دا سـیلڤای ئەسـتێرەی بەرازیلی، ئەوان لە دەرەوەو ناوەوەی یاریگە سەرسوڕهێنەرن، هەر کەسێک هیوا دەخوازێت هاوڕێی ئەوان بێت». لەلایەکـی دیکـەوە ڕۆژنامـەی NRCی هۆڵەندی ئاشـکرایکرد کە سوارێز بەهۆی ئەو گازەی لە کلینی گرت 170 هەزار یۆرۆی لەدەستدا، کە بەهۆی ئەو کارەوە ئەو کۆمپانیانەی گرێبەستی ڕێکلامییان لەگەڵیدا هەبوو، پارەکەیان کەمکردەوە.

زانیاری نوێ لەسەر هاوشێوە ئێرانییەکەی لیۆ مێسی

# مێسییەکەی ئێران هیچ لە تۆپی پێ نازانێت

## «مێسییەکەی ئێران دەیەوێ لەگەڵ مێسییەکەی ئەرجەنتین کار بکات»

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

نـاوی ڕەزا پەرستشـە، ڕیش خەنەیی، لەنێو ئێـران و دەرەوەی دەنگی داوەتەوە، دوای ئەوەی چەند مانگێک پێش ئێسـتا باوکـی زۆری لێکرد، وێنەی خۆی بە درێسی ئەرجەنتین بە ژمارەی 10ی تایبەت بە مێسی بڵاوبکاتەوە.

ڕەزا ئـەو وێنانـەی خـۆی بـۆ ماڵپەڕەکانـی وەرزشـیی ئەلیکترۆنـی نارد. بە گوێـرەی وتەکانی ڕەزا کە بـڵاوی کردووەتەوە «شـەوێکیان وێنەکانم نارد و بەیانی ڕۆژی دواتر، ئەو ماڵپەڕانە پەیوەندییان پێوەکردم و داوایان لێکردم دیداریان لەگەڵدا بکەم».

هەرچەندە لە سەرەتا دوودڵ بوو، کەچی ڕەزا بەرە بـەرە (عەبای) کەسـایەتییە دۆزراوەکـەی لەبەرکرد، قـژی خـۆی وەکـو قـژی مێسـی چاکرد، ئێسـتاش زۆربەی جاران کە دەچێتە سـەر شـەقامەکان، درێسی مێسـی لەبـەر دەکات. پێدەچێـت سـتراتیژیەتەکەی سـەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەسـت هێنابێـت، چونکە ڕەزا بووەتـە مایەی سـەرنجدانی دەزگاکانـی ڕاگەیاندن، داوەتنامەی نمایشکردنی جلوبەرگیشی پێگەیشتووە. ڕەزا دەڵێت «وایلێهاتووە خەڵکی بەڕاسـتی من وەک مێسـی ئێران دەبینن، دەیانەوێ هەموو جوولەکانی ئەویش دووبارە بکەمـە، کە دەچمە شـوێنێکی دیاریکراو خەڵکی تووشـی تاسان و سەرسوڕمان دەبن».

تۆپـی پـێ لە ئێـران خـاوەن جەماوەرێکـی بێ ژمارە، چ لەسـەر ئاستی هەڵبژاردەی نیشتمانیی و یانەکانی ناوخۆ، یان یارییەکانی خولە گەورەکانـی ئەورووپا بێـت. ڕەزا دەڵێت «هاندەرانی تۆپی پێ، ئەوانەی لەسەر شەقام دەیبینن، ڕادەوستن تاوەکو وێنەی سێڵفی لەگەڵ بگرن». هەروەها دەشڵێت «دڵخۆش دەبم، چونکە بە بینینی من دڵخۆش دەبن، ئەو بەختەوەریەش وزەیەکی زۆرم پێدەبەخشێ».

هەرچەندە تۆپی پێی خۆشدەوێ و سەیری یارییەکانی دەکات، کەچی ڕەزا وەک پیشەگەر ئەو یارییەی نەکردووە، ئێستاش ناچار بووە هەندێ جوولەی تۆپی پێ فێر بێت، تاوەکو بتوانێت ڕۆڵە تازەکەی بە باشـی بگێڕێت.

ڕەزا یادەوەرییەکی ناخۆشی لەگەڵ مۆندیالی 2014 لە بەرازیل هەیە، ئەویـش لەبـەر ئەو گۆڵەی مێسـی لـە خولەکی 91 تۆمـاری کرد، کە سەرکەوتنی بۆ قۆناخی 16ی بە هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بەخشی، ئەویش لەسـەر حسـابی هەڵبژاردەی ئێران بوو، ئازاری ئـەو یادەوەرییە تەنیا لەسەر ئاستی تۆپی پێ نییە، بەڵکو لەسەر ئاستی خێزانیشە. پەرستش دەڵێت باوکی لەو یارییە زۆر تووڕە بووە «تەلەفۆنی بۆ کردم و پێیگوتم نەگەڕێیتـەوە ماڵەوە! لەبەرچی گۆڵت لـە دژی ئێران تۆمارکرد؟» بەر لەوەی بە پێکەنینەوە بڵێت» پێمگوت بەڵام خۆ من نەبووم ئەو گۆڵەم تۆمارکرد».

ئێسـتا ڕەزا هیوای ئەوە دەخوازێت، دەرفەتی بۆ بڕەخسـێت چاوی بە مێسـی بکەوێت، ئەگەر کارێکێشـی بۆ بڕەخسێت، تاوەکو یارمەتی مێسـی بدات و لەو نزیک بێت باشـتریش. لەم بارەوە دەڵێت «بەوەی باشترین یاریزانی تۆپی پێیە لە مێژوودا، بەدڵنیاییەوە کاری زۆری هەیە، کە لە توانایدا نییە هەموویان ڕاپەڕێنێت. دەتوانم شوێنی ئەو بگرمەوە، ئەوکاتەی زۆر سەرقاڵ دەبێت».



«باوکی لەسەر ئەو گۆڵەی مێسی لە مۆندیالدا لە ئێرانی کردووە لە ماڵەوە دەریکردووە»


KOREK Telecom

ئۆفەرێك بۆ بەشدارانی پاكێجەكانی ئینتەرنێتی كورەك
ڕۆژانە ئینتەرنێتی بێسنوور بەخۆڕایی وەربگرن




ئێستا سەرجەم بەشدارانی پاكێجەكانی ئینتەرنێتی Extra G دەتوانن هەموو ڕۆژێك بەشێوەی ئۆتۆماتیكی ئینتەرنێتی خۆڕایی وەربگرن لە كاتژمێر 1ی شەو تاكو 7ی بەیانی.
ئەم ئۆفەرە بۆ سەرجەم بەشدارانی پاكێجەكانی ئینتەرنێت بەردەستە بەبێ هیچ خەرجییەكی زیادە.

بۆ بەشداریكردن لە پاكێجە جۆراوجۆرەكانی ئینتەرنێت كە ئەم ئۆفەرە دەیگرێتەوە، پەیوەندی بكەن بە: *250# یان *360# یان *257#

korektel.com
411

KOREK



**راستە**

ڤیکتۆر ڤیتۆلۆی یاریزانی یانەی سڤیلیای ئیسپانی، ئەو دەنگۆیانەی پشتڕاستکردەوە کە باس لە ویستی ئەو بۆ چوونە ریزەکانی یانەی بارسیلۆنا دەکەن و لەو بارەوە بە رۆژنامەی مۆندی دیپۆرتیڤۆی کەتالۆنی، راگەیاند «راستە، من شانازی بەوە دەکەم کە دەنگۆی ئەوە هەیە بارسا بایەخ بە تواناکانم دەدات، من زۆر حەزدەکەم یاری بۆ باشترین یانەی جیهان بکەم، هەرچەندە ئێستا من یاریزانی سڤیلیام و هەموو بیرکردنەوەم لای یانەکەمە».

# "ناوبژیوانان یارمەتی رۆناڵدۆیان داوە"

رووداوی وەرزشی ـ Sport

رۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی نزیک لە یانەی بارسیلۆنا، وەک نەریتی خۆی مقۆمقۆی لەبارەی خەڵاتی باڵۆن دۆر نایەوە، کە لەلایەن گۆڤاری فرانس فوتبۆلی فەرەنسییەوە دەبەخشرێت.

رۆژنامەکە دوای سەرکەوتنی یوڤانتۆس بۆ یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ، دوای بردنەوەی لە مۆناکۆ بە 4 گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک لە کۆی هەردوو یاری، وتارێکی بڵاوکردەوەو باسی پاڵێوراوانی بۆ خەڵاتی باڵۆن دۆر، بۆ وەرزی ئێستا کرد. رۆژنامەکە پێیوایە، گۆڵپارێزی ئیتاڵی بۆفۆن شایستەی ئەوەیە خەڵاتی باشترین یاریزانی ساڵی پێ بدرێت، چونکە توانی پێشەوایەتی یانەکەی بکات بۆ گەیشتن بە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ، بەڵام یاریزانێکی دیکەشی بۆ رکابەریکردن لەسەر خەڵاتەکە زیادکرد، ئەویش بەرگریکاری بەرازیلی دانی ئالڤێشە. رۆژنامە کەتالۆنییەکە دووپاتیکردەوە، ئالڤێشی بەرگریکارەکەی پێشووی بارسیلۆنا، شایستەی ئەوەیە ناوی لەنێو پاڵێوراوان بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە بێت، بەهۆی ئاستی بەرزی ئەو وەرزە لەگەڵ یۆڤی، کە توانیویەتی 3 گۆڵ دروست بکات و گۆڵێکیش تۆمار بکات.

رۆژنامەکە وەک نەریتێک ناوی ئەستێرەی پورتوگالی کریستیانۆ رۆناڵدۆ، یاریزانی ریال مەدریدی هێنا، دووپاتیشی کردەوە شایستەی ئەوە نییە ناوی لە نێو پاڵێوراوانی خەڵاتەکەدا هەبێت، چونکە ئەو وەرزە هیچ شتێکی نەکردووە شایانی باسکردن بێت، پێشیوایە گەیشتنی ریال مەدرید بە یاری کۆتایی چامنپیۆنسلیگ و درەوشانەوەی دۆن، لە ئاکامی یارمەتیدانی ناوبژیوان لە یاری بایرن میونشن لە چارەکی کۆتایی و ئەتلەتیکۆ مەدرید لە یاری چوونی نیوەی کۆتایی بوو.

رۆژنامەکە گوتیشی «هەموو شتێکی تایبەت بە باڵۆن دۆر مانگی داهاتوو لە شاری کاردیف بەدیار دەکەوێ، کە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ لەوێ بەڕێوەدەچێت، ئەگەر یوڤانتۆس نازناوەکە بەدەستبێنێت، بۆفۆن یان ئالڤێش شایستەی بەدەستهێنانی خەڵاتی باڵۆن دۆری ساڵی 2017 دەبن».



# بۆ رۆناڵدۆ دەیەوێ لەگەڵ گریزمان یاریبکات؟

رووداوی وەرزشی ـ Gulf News

کریستیانۆ رۆناڵدۆ، ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، کار لەسەر گرێبەستکردن لەگەڵ یاریزانێکی گەورە دەکات، تاوەکو ریزەکانی مێرینگێ لە وەرزی داهاتوو پتەوتر بێت.

رۆناڵدۆ لە یارییەکانی رابردووا وەک سەرەڕم یاریکرد، توانی بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید و بایرن میونشن لە چامپیۆنزلیگ هاتریک تۆمار بکات. شوێنە تازەکەی رۆناڵدۆ لەسەر یاریگە، دەرگەی گرێبەستکردن لەگەڵ ئەنتوان گریزمان واڵا دەکات، کە لەوانەیە لە 2018 بگاتە ریال مەدرید. رۆناڵدۆش حەزدەکات لەگەڵ گریزمان کار بکات، بۆ ئەوەی گریزمان لە باڵ بێت و رۆناڵدۆش سەرەڕم، لەجیاتی کەریم بنزیمەی فەرەنسی. شوێنە تازەکەی رۆناڵدۆ دەرگەی رۆیشتن بۆ بنزیمە و هاتنی هاوڵاتییەکەی گریزمان دەخاتە سەر پشت، کە فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی ریال مەدرید، دەیەوێ بە دانی بەهای شکاندنی مەرجی سزایی گرێبەستەکەی لەگەڵ ئەتلیتیکۆ مەدرید گریزمان پەڵکێش بکات.



کەریم سوودمەندترین کەسە لە سەرکەوتنی ماکرۆن لە هەڵبژاردنەکاندا.

# سەرۆکی فەرەنسا بنزیمە دەباتەوە هەڵبژاردەی کەڵەشێرەکان

رووداوی وەرزشی ـ Sport

شەقامی وەرزشی تۆپی پێ، بە ئاسوودەییەوە پێشوازی لە هەواڵی بردنەوەی ئیمانوێل ماکرۆن لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی فەرەنسا کرد، دوای سەرکەوتنی بەسەر مارین لۆپین سەرکردەی راستڕەوی توندڕەودا، چونکە کەریم بنزیمەی یاریزانی ریال مەدرید و هەوادارانی پێیانوایە راستڕەوی توندڕەو لەپشت دوورخستەوەی بنزیمە بوو لە هەڵبژاردەی فەرەنسا.

زۆربەیان بەپەلە تویتیان لەسەر پەیجی تایبەتی خۆیان لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی (تویتەر) بڵاوکردەوە، لەوانەش کەریم بنزیمە، لۆکاس دینی بەرگریکاری بارسیلۆنا، فلۆران پیترۆس یاریزانی بەناوبانگی تۆپی باسکە، ئەلیز کۆرنی کچە یاریزانی تێنس و ڤلیسیل لۆرای کچە یاریزانی شمشێریازی.

بە شایەتی هەمووان، کەریم بنزیمەی هێرشبەری ریال مەدرید، سوودمەندی یەکەمی بردنەوەی ئیمانوێل ماکرۆن لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتییە، کە بە پەلە پیرۆزبایی لێکرد، لە رێگەی تویتێک لە تویتەرەوە، کە تێیدا گوتی «پیرۆزباییم بۆ سەرۆکی تازەی فەرەنسا ئیمانوێل ماکرۆن». بەمەش بنزیمە هیوای گەڕانەوەی بۆ ریزەکانی هەڵبژاردەی کەڵەشێرەکان بۆ گەڕایەوە، دوای ئەوەی 2 ساڵ پێش ئێستا بە بڕیاری یەکێتی تۆپی پێی فەرەنسا دوورخرایەوە، ئەوەش وایکرد بنزیمە راستڕەوی توندڕەو تۆمەتبار بکات، گوایە ئەوان فشاریان کردووە تاوەکو دووری بخەنەوە.

بۆیە چاوەڕوان دەکرێت بنزیمە لە رێگەی سەرۆکە نوێیەکەی فەرەنساوە بگەڕێنرێتەوە ریزەکانی هەڵبژاردەی کەڵەشێرەکان.



5 ش...
پاڵەو...

# کۆنت... 16... دەس...

ئا: رووداوی وەرزشی...

ئەنتۆنیۆ کۆنتی، راهێ...
رفاندو هەمووانی سەرسا...
بەر لە کۆتاییهاتنی خول...
بەر لەوەی کۆنتی بگ...
کە کەم کەس پێیان دە...
بارەی کۆنتیتان پێ ئاش...

**لە تەمەنی 16 س...**

کۆنتی بەشێوەیەک...
ئاستێکی زۆر بەرزی پ...
پێش یوڤانتۆس کاروان...
لیچی لە تەمەنی تە...
پێکردووە، ئەوەتا ئەم...
لە جیهاندا.

**چەند پێکانێک د...**

کۆنتی ساڵی 87...
ئاستی ئێسکی گ...
خەریکبوو کۆت...

## جوانترین لێدوان...



هەمیشە من مێسیم پێ باشتر بووە لە رۆناڵدۆ، بەڵام ئەگەر رۆناڵدۆ لە ریال مەدرید نەبووایە باشتر دەبوو

ریمۆن دۆمینیک
(راهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا)



ئەگەر ریال مەدرید یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگی لە یوڤانتۆس نەبردەوەو گاریس بەیلیش پاڵەوانی یارییەکە نەبوو، جارێکی دیکە لە تەلەڤزیۆن قسە ناکەمەوە

هۆگۆ گاتی
(گۆڵپارێزی پێشووی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین)



من رازیم و زۆریش دڵخۆش دەبم ئەگەر ریال مەدرید یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ بە لێدانێکی سزای نادروست لە رێگەی گاریس بەیڵەوە بباتەوە

فێرناندۆ مۆریانتس
(هێرشبەری پێشووی ریال مەدرید)



من هێشتا هاوڕێیەکی نزیکی هیگواینم، بەڵام لە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگدا بستێک زەوی بۆ ناهێڵمەوە

سێرجیۆ رامۆس
(کاپتنی یانەی ریال مەدرید)



ئەگەر مباپێ بچێتە ریال مەدرید یان بارسیلۆنا دەبێ ببێتە یەدەگ و ناتوانێت هەمیشە بە سەرەکی یاری بکات

ریۆ فێردیناند
(کاپتنی پێشووی مانچێستەر یونایتد)



رۆناڵدۆ خاوەنی چەندین ریکۆردە، ئەو زۆر سەرسوڕهێنەرە، پێویستە وەک رێزێک کڵاوی بۆ بەرز بکەینەوە

کارلیس پویۆل
(کاپتنی پێشووی یانەی بارسیلۆنا)



**خەیاڵییە**

ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی ئەو بەڵگەنامەیەی بڵاوکردووەتەوە، کە ماڵپەڕی فوتبۆل لیکس بڵاویکردووەتەوەو دووپاتی دەکاتەوە، زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی سویدی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی مووچەیەکی خەیاڵی وەردەگرێت و دەڵێت «مووچەی زلاتان 19.11 ملیۆن پاوەندی ساڵانەیە، واتە مووچەی هەفتانەی دەکاتە 367.460 هەزار پاوەند، چونکە ئیبرا بە گوێرەی سەرکەوتنی وەرزەکەشی پاداشت وەردەگرێت، کە خۆی لە 2.86 ملیۆن پاوەند دەدات، یانەکەشی نیو ملیۆن پاوەندی دەداتێ، ئەگەر یانەکە بەرەو چامپیۆنزلیگ ببات. هەروەها بڕی 5.25 ملیۆن پاوەند وەردەگرێت، ئەگەر یانەکەی نازناوی یۆرۆپالیگ بەدەستبێنێت.

## هێشتا نەزانراوە پڕۆژەکەی چییە؟!..

# ڕۆناڵدۆ لە ڕەمەزاندا سوپرایزی بۆ موسڵمانان هەیە



**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

لەوەتەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی، بەرپاکردنی پڕۆژەیەکی تازەی هاوبەشی لەگەڵ بزنسمانی میسری ئەحمەد ئەبو هەشیمە ڕاگەیاندووە، هێشتا ڕۆژنامەکانی میسر و جیهان هەوڵ دەدەن، بە وردەکاریی ئەو پڕۆژە مەتەڵە بگەن، لەپێناو درێژکردنەوەی حاڵەتی چاوەڕوانی لە نێوەندی جەماوەری موسڵمانان و شەیدایانی ڕۆناڵدۆ.

کەناڵی ONE کە ئەبو هەشیمە خاوەنەکەیەتی، گرتەیەکی ڤیدیۆیی کورتی بڵاوکردووەتەوە، کە تێیدا ڕۆناڵدۆ دەردەکەوێت و دەڵێت «کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ ڕەمەزان 2017»، ئەو کەناڵە هیچ وردەکارییەکی لەبارەی مەبەستی وتەکانی ڕۆناڵدۆ بڵاونەکردووەتەوە، بەڵام ئەوە دەرکەوتووە، ئەو پڕۆژەیەی دۆن و ئەو بزنسمانە میسرییە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لە ڕەمەزانی داهاتوو ئاشکرا دەبێت، یان پەیوەستە بەو مانگە پیرۆزەوە.

لەو گرتەیەدا ڕۆناڵدۆ دەڵێت «پڕۆژەیەکی نوێ بەمنزیکانە... چاوەڕوان بن». ئەبو هەشیمەش دەڵێت «شانازی بەوە دەکەم کە لەم پڕۆژە گەورەیەدا کار لەگەڵ گەورەترین یاریزان لە مێژووی تۆپی پێدا دەکەم».

### ئەبو هەشیمە سوودمەندی یەکەم دەبێت

میدیاکاری میسری بەناوبانگ عەمر ئەدیب، کە پێشتر دیداری لەگەڵ ڕۆناڵدۆ ساز کردووە، باسی ئەو پڕۆژە گەورەیەی کرد، کە ڕۆناڵدۆ و ئەبو هەشیمە بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، هەرچەندە هیچ وردەکارییەکی لەبارەی سروشتی پڕۆژەکە و هۆکاری بەستنەوەی بە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز باس نەکرد، کەچی بایەخێکی زۆری بەو داهاتانەدا، کە ئەبو هەشیمە لە هاوبەشیکردنی لەگەڵ دۆن دەستی دەکەوێ، باسی نزیکەی 280 ملیۆن سەوداسەری ڕۆناڵدۆی لەسەر 3 تۆڕە کۆمەڵایەتییە بەناوبانگەکە، لەگەڵ کاریگەرییان لەلایەنی داریی بەسەر هەموو پرۆسەکانی ناوبانگ پەیداکردن کرد، کە ڕۆناڵدۆ بۆ خزمەتکردنی ئەو هاوبەشییە دەیکات، وەک ئەوەی ئەدیب بە قسەکانی بیەوێ دووپاتی بکاتەوە، ئەبوهەشیمە سوودمەندی یەکەم دەبێت، لە هاوبەشیکردنی لەگەڵ ڕۆناڵدۆدا، نەوەکو بە پێچەوانەوە.

### لەوانەیە

هێشتا نەزانراوە پڕۆژەکەی ڕۆناڵدۆ و ئەبو هەشیمە چییە؟! بەڵام هەندێک پێشبینی دەکەن ڕۆناڵدۆ بەشداری لە زنجیرە فیلمی منداڵان «زووو» دا بکات، کە ئەبو هەشیمە سەرپەرشتی بەرهەمهێنانی دەکات و لە مانگی ڕەمەزاندا پەخش دەکرێت. هەروەها زۆر لە ئەکتەرە بەناوبانگەکانی میسریش وەک میوان بەشداری لەو زنجیرە فیلمەی منداڵاندا دەکەن.

### مێردی هەیفا وەهبی بوو

ئەحمەد ئەبو هەشیمە، سەرمایەدارێکی گەنج و بەناوبانگی میسرییە، بەمدوایی کەناڵی ئاسمانی ONEی لە نەجیب ساوێرسی بزنسمان کڕیوەو مافی گواستنەوەی یارییەکانی خولی میسری بەدەستهێناوە. هەروەها بووەتە خاوەنی 50%ی پشکەکانی کۆمپانیای میسری سینەمایی. کارگەیەکی گەورەی ئاسنیشی هەیە. پێشتر مێردی هەیفا وەهبی کچە هونەرمەندی بەناوبانگی لوبنانی بووە، بەڵام دوای 6 ساڵ پێکەوەبوون جیابوونەتەوە.

## مەدریدییەکان گاڵتە بە بارسێلۆنا دەکەن..

# بارسا چەند بە کارفاخال دەدات؟



**ڕووداوی وەرزشی - GULF NEWS**

ئەستێرەکانی ڕیال مەدرید گاڵتەیان بە ڕکابەرەکەیان بارسێلۆنا کرد، دوای بڵاوبوونەوەی ئەو ڕاپۆرتانەی باس لەوە دەکەن، بارسا لە میرکاتۆی هاوینەدا دەیەوێ بەرامبەر بە 40 ملیۆن یۆرۆ، گرێبەست لەگەڵ هیکتۆر بیلیرینی بەرگریکاری ئارسیناڵ واژوو بکات، بۆ پتەوکردنی ڕیزەکانی لە وەرزی داهاتوو و چارەکردنی کێشەی بەرگریکاری لای ڕاستی.

لەوەتەی دانی ئالڤێش ڕۆیشتووە بارسا تووشی کێشە بووە، بەتایبەتی دوای پێکانی ئەلیکس ڤیدال، بەڵام ئەستێرەکانی ڕیال پێیانوایە، دانی 40 ملیۆن یۆرۆ بە بیلیرین گەلێ زۆرە.

بەپێی سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی شاهانە، یاریزانانی ڕیال مەدرید لە ژووری جلگۆڕین گاڵتە بە بارسا دەکەن و پێیانوایە هیکتۆر لە ئاستی پێویستدا نییە، تاوەکو ئەوەندە لەسەر بارسا بوەستێ. پرسیارێک لە ژووری جلگۆڕینی مێرینگێ دووبارە بووەوە ئەویش ئەوەیە «بارسێلۆنا چەند دەدات، بۆ ئەوەی گرێبەست لەگەڵ دانی کارفاخال واژوو بکات، کە ئێستا بە یەکێک لە باشترین بەرگریکارەکانی لای ڕاستی جیهان دادەنرێت؟».

بارسا ئامانجی ئەوەیە گرێبەست لەگەڵ بەرگریکاری لای ڕاستی ئارسیناڵ واژوو بکات، تاوەکو کێشەی ئەو شوێنە لە تیپی یەکەم چارە بکات، کە بووەتە سەرئێشە بۆ کارگێڕی یانەکەی کەتالۆنیا، لەوەتەی ئەستێرەی بەرازیلی دانی ئالڤێش لە هاوینی ڕابردوو ڕۆیشتووەو چووەتە ڕیزەکانی یوڤانتۆسی ئیتاڵی.

## نەخۆشییەکەی هاوشێوەی نەخۆشی ڕۆناڵدۆی بەرازیلییە..

# سائوول دوو ساڵە بە نەخۆشییەوە یاریدەکات



**ڕووداوی وەرزشی - SPORT**

سائوول نیگێز، ئەستێرەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی پەردەی لەسەر تەنگوچەڵەمەی لەگەڵ نەخۆشییەک لە میزڵدانی هەڵدایەوە، کە بەقسەی خۆی ماوەی 2 ساڵە بەدەستییەوە دەناڵێنێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەردەوام بووە لە یاریکردن.

سائوول دڵی خۆی بۆ تۆڕی میگای ئیسپانی کردەوەو دانی بەوەدانا، کێشەی لە مێزڵدان هەیە و 2 ساڵە دەبێت لە کاتی یارییەکاندا بە کردنەوەی میزکێش یاری بکات.

سائوول نیگێز، لەو بارەوە گوتی «لە دوو ساڵی ڕابردوودا، بە کردنەوەی میزکێش یارییم دەکرد، لە هەموو یارییەکان یان لە کاتی ڕاهێنانەکاندا، چونکە بەردەوام میزم دەکرد، چەند کاتێکی زۆر ناخۆشم بەسەر برد». هەروەها یاریزانی ناوبراو گوتیشی «بە تەندروستی تەواو یارییم دەکرد، لەپێناو لەبەرکردنی درێسی ئەو یانەیە و ڕەنگەکانی، چونکە ئەوە خەونی من بوو». هەروەها سائوول لە درێژەی قسەکانیدا گوتی «چامپیۆنسلیگ ئەو خەونەیە، کە هەمووماندەمانەوێ بەدی بێنین، چەندین ساڵیشە بۆ گەیشتن پێی کار دەکەین، کەواتە لەدەستدانی لەم ساڵدا بێئومێدمان ناکات و دەبێ ئەو ڕۆژە بێت کە ئەو نازناوە گەورەیە ببەینەوەو خەونەکەمان ببێتە ڕاستی».

پێشتر ڕۆناڵدۆی دیاردەی تۆپی پێی بەرازیلیش ئەوەی ئاشکرا کردبوو، کە پێشتر بە دەست نەخۆشییەکی هاوشێوەی نەخۆسی سائوولەوە ناڵاندوویەتی و کۆنترۆڵی بەسەر میزکردنییەوە نەبووەو زۆرجار میزی بەخۆیدا کردووە.

KOREK Telecom

لە پەیوەندییەکی نەپچڕاودا بمێنەوە
لەگەڵ پاکێجە نایابەکانی فەیسبووک
لە کورەك




ئێستا لە (کورەك)ەوە، پاکێجەکانی فەیسبووك بەدرێژایی کات لە پەیوەندیت دەهێڵتەوە.
پاکێجێك هەڵبژێرە:

| پاکێج | قەبارە | نرخی بەشداریکردن | بەردەستبوون (ڕۆژ) |
|---|---|---|---|
| هەفتانە | 300 مێگابایت | 3000 د.ع | 7 |
| ڕۆژانە | 50 مێگابایت | 1000 د.ع | 1 (24 کاتژمێر) |

چێژ لە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی فەیسبووك و فەیسبووك ماسنجەر وەربگرە.
بۆ بەشداریکردن، پەیوەندی بکە بە #360* و پەیڕەوی ڕێنماییەکان بکە

411
korektel.com

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 38)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2017/5/19** | |
| گرانادا - ئیسپانیۆل | 09:45 |
| **شەممە 2017/5/20** | |
| دیپۆرتیڤۆ - لاس پالماس | 06:00 |
| خیخۆن - ریال بیتیس | 06:00 |
| لیگانێس - ئالاڤێس | 06:00 |
| **یەکشەممە 2017/5/21** | |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید - ئەتلەتیک بلباو | 05:45 |
| سێلتاڤیگۆ - ریال سۆسیداد | 05:45 |
| سڤیلیا - ئۆساسۆنا | 05:45 |
| ڤالنسیا - ڤیاریال | 05:45 |
| بارسێلۆنا - ئیبار | 09:00 |
| مەلەگە - ریال مەدرید | 09:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بارسێلۆنا | 87 |
| 2 - ریال مەدرید | 87 |
| 3 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 75 |
| 4 - سڤیلیا | 69 |
| 5 - ڤیاریال | 64 |
| 6 - ئەتلەتیک بلباو | 63 |
| 7 - ریال سۆسیداد | 63 |
| 8 - ئیبار | 54 |
| 9 - ئالاڤێس | 54 |
| 10 - ئیسپانیۆل | 53 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - مێسی | بارسێلۆنا | 35 |
| 2 - سوارێز | بارسێلۆنا | 27 |
| 3 - رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 22 |
| 4 - ئەسپاس | سێلتاڤیگۆ | 18 |
| 5 - گریزمان | ئەتلەتیکۆ مەدرید | 16 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 38)

| | |
|---|---|
| **شەممە 2017/5/20** | |
| ئارسیناڵ - ئیڤێرتۆن | 05:00 |
| بێرنلی - وێستهام | 05:00 |
| چێلسی - ساندێرلاند | 05:00 |
| هاڵ ستی - تۆتێنهام | 05:00 |
| لیستەر ستی - بۆرنمۆس | 05:00 |
| لیڤەرپوول - میدلزبرە | 05:00 |
| مانچێستەر یونایتد - کریستال پالاس | 05:00 |
| ساوسهامتۆن - ستۆک ستی | 05:00 |
| سوانزی ستی - وێست برۆمیچ | 05:00 |
| واتفۆرد - مانچێستەر ستی | 05:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - چێلسی | 87 |
| 2 - تۆتێنهام | 80 |
| 3 - لیڤەرپوول | 73 |
| 4 - مانچێستەر ستی | 72 |
| 5 - ئارسیناڵ | 69 |
| 6 - مانچێستەر یونایتد | 65 |
| 7 - ئیڤێرتۆن | 61 |
| 8 - وێست برۆمیچ | 45 |
| 9 - ساوسهامتۆن | 45 |
| 10 - بۆرنمۆس | 45 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لۆکاکۆ | ئیڤێرتۆن | 24 |
| 2 - کەین | تۆتێنهام | 22 |
| 3 - سانچێز | ئارسیناڵ | 21 |
| 4 - کۆستا | چێلسی | 20 |
| 5 - ئەگوێرۆ | مانچێستەر ستی | 18 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (چێلسی - واتفۆرد) دانراوە.

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 36)

| | |
|---|---|
| **شەممە 2017/5/20** | |
| ڤیرۆنا - رۆما | 07:00 |
| ناپۆلی - فیۆرەنتینا | 09:45 |
| **یەکشەممە 2017/5/21** | |
| میلان - بۆلۆنیا | 04:00 |
| ئیمپۆلی - ئەتەلانتا | 04:00 |
| جینەوا - تۆرینۆ | 04:00 |
| یوڤانتۆس - کرۆتۆنی | 04:00 |
| ساسۆلۆ - کالیاری | 04:00 |
| ئۆدینێزی - سامپدۆریا | 04:00 |
| لازیۆ - ئینتەرمیلان | 09:45 |
| **دووشەممە 2017/5/22** | |
| پیسکارا - پالێرمۆ | 09:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 85 |
| 2 - رۆما | 81 |
| 3 - ناپۆلی | 80 |
| 4 - لازیۆ | 70 |
| 5 - ئەتەلانتا | 66 |
| 6 - میلان | 60 |
| 7 - فیۆرەنتینا | 59 |
| 8 - ئینتەرمیلان | 56 |
| 9 - تۆرینۆ | 50 |
| 10 - سامپادۆریا | 47 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - دزیکۆ | رۆما | 27 |
| 2 - بیلۆتی | تۆرینۆ | 25 |
| 3 - مێرتێنس | ناپۆلی | 25 |
| 4 - هیگواین | یوڤانتۆس | 24 |
| 5 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 24 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 38)

| | |
|---|---|
| **شەممە 2017/5/20** | |
| گانگۆن - میتز | 10:00 |
| لیل - نانت | 10:00 |
| لیۆن - نیس | 10:00 |
| مارسیلیا - باستیا | 10:00 |
| پاریس سانجێرمان - کان | 10:00 |
| رین - مۆناکۆ | 10:00 |
| تۆلۆز - دیجۆن | 10:00 |
| لۆریان - بۆردۆ | 10:00 |
| نانس سانت - ئیتیان | 10:00 |
| ئەنجی - مۆنپیلیە | 10:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - مۆناکۆ | 89 |
| 2 - پاریس سانجێرمان | 86 |
| 3 - نیس | 77 |
| 4 - لیۆن | 64 |
| 5 - مارسیلیا | 59 |
| 6 - بۆردۆ | 58 |
| 7 - نانت | 51 |
| 8 - سانت ئیتیان | 50 |
| 9 - رین | 50 |
| 10 - گانگۆن | 47 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 35 |
| 2 - لاکازێتی | لیۆن | 25 |
| 3 - فالکاو | مۆناکۆ | 21 |
| 4 - گۆمێز | مارسیلیا | 19 |
| 5 - فلۆران | مارسیلیا | 16 |

لەلایەن زانکۆی هەڵەبجەوە.

## یەکەمین دیداری میدیای وەرزشی سازدەکرێت

ئا: حەمید موستەفا*

زانکـۆ وەک ناوەندێکـی گرنـک و مەزنـی ئەکادیمی و هـزری و داهێنان، هەردەم دەبێت رۆڵـی پێشـەنگی و ئاراسـتەکردنی کۆمەڵگاو لەوێشەوە جیهان ببینێت.

لەو پێناوەدا، کۆلێژی پەروەردەی وەرزشـی زانکـۆی هەڵەبجـە بەچاودێـری سـەرۆکی زانکـۆو سەرپەرشـتی راگـری کۆلێـژ، لەژێـر ناونیشانی »میدیاو وەرزش بەبێ یەکدی دەتوانن بەردەوام بن و گەشـەبکەن؟«، لە دوو پانێڵدا، دیداری هەڵەبجەی وەرزشی بۆ میدیای وەرزشی سازدەکات.

پانێڵـی یەکـەم، بـۆ کارەکتـەرو کەسـە مەیدانییەکانی میدیای وەرزشـی کوردسـتانە، پانێڵی دووەم بۆ ئەکادیمییەکانی بواری میدیایە لە کوردستان.

تەوەرە سەرەکییەکانی دیدارەکە لە 5 تەوەر پێکهاتوون، کە هەر تەوەرەش چەند ناوتەوەرێک لەخۆدەگرێت. تەوەرەکانیش ئەمانەن:

1 - تایبەتمەندی و جیاکەرەوەکانی میدیای وەرزشی چین و کامانەن؟

2 - میدیـا و وەرزش چـۆن پێکـەوە بەستراونەتەوەو کار لەیەک دەکەن.

3 - چ وێنـەو پەیامێک لەمیدیای وەرزشـی کوردسـتاندا روماڵدەکرێـت و تەرکیـزی دەخرێتەسەر؟

4 - ئایـا وەرزش و میدیـا بەبـێ یەکـدی دەتوانن بەردەوام بن و گەشە بکەن؟

5 - ئایـا دانانـی وانـەی میدیای وەرزشـی لـە پرۆگرامـی بەشـە وەرزشـییەکانی زانکۆو پەیمانگاکان، پێویسـتە یان نا؟ ئەگەر پێویستە، بۆ؟ ئەگەر پێویست نییە، بۆ؟.

ئامانجی دیدارەکە، فرەلایەنەو فرە ئامانجە:

**یەکەم/** بنیادنانی پایەکانی بەپایەتەختبوونی هەڵەبجـە وەک پارێـزگا، ئەویـش لـە رێگەی رۆڵبینینی زانکۆکەی لەو بوارەداو و گرنگیدانی زانکۆ بە وەرزش و میدیای وەرزشی، کە هەڵگری پەیامی ئاشتی و مرۆڤایەتییە.

**دووەم/** بەگیروگرفتکردنی میدیای وەرزشـی کوردسـتان، لە رێگەی هەڵوەستەکردن لەسەر میدیـای وەرزشـی کوردسـتان و جوڵاندنـی و چاودێریکردنی تا ببێتە خاوەن براندو تاموچێژی خـۆی و لەمیدیاکانی دیکـە نەچێت و بەپێش میدیای وەرزشی ناوچەکە بکەوێت.

**سێیەم/** بەشـداریکردنی ناوەنـدە ئەکادیمییـەکان لەپێشخسـتن و گەشـەکردن و فراوانکردنـی دنیابینی میدیاکاری وەرزشـی کوردی لەکارو ئەرکی ئێستا و ئایندەدا.

**چوارەم/** بەنەریتکردنی ئەم دیدارە لەکۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی هەڵەبجە، نەریتێک سـالانە لەسـەر پـرس و بابەتـە گرنگەکانـی وەرزشـی کوردستان و جیهان بوەستێت و هزر و بیری تازەی لەسـەر بەرهەم بهێنرێت و ببێتە نەریتێکی مۆدێرنو داینەمۆی.

**پێنجەم/** بەهەندوەرگرتنـی راسـپاردەو پێدراوەکانـی دیدارەکـەو دەوڵەمەندکردنـی بە راوێژی زیاتـرو ورتر لەگەڵ میدیاکارانی دیکەی وەرزشی و بەشی وەرزشی پەیمانگاو کۆلێژەکانی دیکـەی کوردسـتان. تا دواجـار پوختەی ئەو راسپاردەو راوێژانە ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بکرێت، بۆ زیادکردنی وانەی وەرزشـی لە بەشـی وەرزشی پەیمانگاو زانکۆکان.

ئەم دیدارە، رۆژی پێنجشەممە 2017/5/18 لە هۆڵی مۆنۆمێنتی شاری هەڵەبجەی شەهید بەڕێوەدەچێت.

* وانەبێژ لەکۆلێژی پەروەردەی وەرزش

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 34)

| | |
|---|---|
| **شەممە 2017/5/20** | |
| بایرن میونشن - فرایبۆرگ | 04:30 |
| کۆڵن -ماینز | 04:30 |
| بورۆسیا دۆرتمۆند - ڤێردەربریمەن | 04:30 |
| مونشنگلادباخ - دارمشتات | 04:30 |
| فرانکفۆرت - لایپزیگ | 04:30 |
| هامبۆرگ - فۆلفسبۆرگ | 04:30 |
| هێرتا بەرلین - بایرلیڤەرکۆزن | 04:30 |
| هۆفنهایم - ئۆگسبۆرگ | 04:30 |
| ئینگۆلشتات - شالکە | 04:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 79 |
| 2 - لایپزیگ | 66 |
| 3 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 61 |
| 4 - هۆفنهایم | 61 |
| 5 - هێرتا بەرلین | 49 |
| 6 - فرایبۆرگ | 48 |
| 7 - کۆڵن | 46 |
| 8 - ڤێردەربریمەن | 45 |
| 9 - مونشنگلادباخ | 44 |
| 10 - شاڵکە | 42 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 30 |
| 2 - ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 29 |
| 3 - مۆدیست | کۆڵن | 25 |
| 4 - وێرنێر | لایپزیگ | 21 |
| 5 - گۆمێز | فۆلفسبۆرگ | 16 |

| یانە | | یانە | خول | کات | رۆژ |
|---|---|---|---|---|---|
| یوڤانتۆس | - | لازیۆ | جامی ئیتاڵیا | 09:45 | چوارشەممە 17/5/2017 |
| سێلتاڤیگۆ | - | ریال مەدرید | خولی ئیسپانیا | 10:00 | چوارشەممە 17/5/2017 |
| لیستەر ستی | - | تۆتێنهام | خولی ئینگلتەرا | 09:45 | پێنجشەممە 18/5/2017 |
| ئارسیناڵ | - | ئیڤێرتۆن | خولی ئینگلتەرا | 05:00 | شەممە 20/5/2017 |
| لیۆن | - | نیس | خولی فەرەنسا | 10:00 | شەممە 20/5/2017 |
| بارسێلۆنا | - | ئیبار | خولی ئیسپانیا | 09:00 | یەکشەممە 21/5/2017 |
| مەلەگە | - | ریال مەدرید | خولی ئیسپانیا | 09:00 | یەکشەممە 21/5/2017 |
| لازیۆ | - | ئینتەرمیلان | خولی ئیتاڵیا | 09:45 | یەکشەممە 21/5/2017 |

KOREK

رووداو وەرزشی
ژمارە (449)
سێشەممە 2017/5/16

## شێتەکەی ئینتەرمیلان



ڕۆژنامەکانی ئیتاڵیا و بەریتانیا زۆر بایەخیان بەو گرتە ڤیدیۆیە دا، کە ئەپریل سەمەری کچە نمایشکاری ئیتاڵی لە ئینستاگرامی خۆی بڵاویکردبووە و تێیدا داوا لە ئیدارەی یانەی ئینتەرمیلانی ئیتاڵی دەکات هەرچی زووە گرێبەست لەگەڵ دییگۆ سیمیۆنیی ڕاهێنەری ئەرجەنتینی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی بکات بۆ سەرپەرشتیکردنی مەشقەکانی ئینتەرمیلان. سەمەر یەکێکە لە سەرسەختترین هاندەرانی ئینتەرمیلان، تا ئەو ڕاددەیەی لە ئیتاڵیا بە «شێتەکەی ئینتەرمیلان» دەناسرێت، کە بە بەردەوامی هانی یانە خۆشەویستەکەی دەدات و ڕێکلام بۆ درێسەکەی دەکات.



### ئەگەر دەتەوێ تەمەنت درێژ بێ؟!..

# پایسکل لێبخوڕە

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

توێژینەوەیەکی تازەی گۆڤاری وەرزشیی پزیشکی دەریخستووە، ئەوانەی زۆر بە پێ دەڕۆن یان ئەوانەی زۆر پایسکل لێدەخوڕن، تەمەنیان درێژترە لەوانەی ئەو کارە ناکەن.

بەپێی ئەو توێژینەوەیە، لێخوڕینی پایسکل یان ڕۆیشتنی ڕۆژانە بۆ سەر کار، بەشێوەیەکی گشتی نیشانەکانی مردن کەم دەکەنەوە، بە بەراورد بە چوونە سەر کار بەو هۆکارانەی ماندوو بوونیان تێدا نییە. کاریگەری زیاتر لەلای ئەوانەی پایسکل لێدەخوڕن زۆر بەروونی دیار بوو.

کۆمەڵێک زانا لە زانکۆی گلاسکۆ ئەو ئەزموونەیان لەسەر بەشێکی زۆری خەڵک تاقی کردووەتەوە، زانایان زیاتر سەیری پەیوەندی ئەو شتەیان بە نەخۆشییەکانی دڵ و هۆکاری مردن بەشێوەی گشتی کردووە، وردەکارییان لە زیاتر لە 260 هەزار بەشداربوو لەو ئەزموونە و بە ناوەندی تەمەنی 53 ساڵی وەرگرت. زانایان بینیان ڕۆیشتن بە پێ بۆ سەر کار، مەترسی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و مردن کەم دەکاتەوە. توێژینەوەکە ژمارەی باشتری لەلای ئەوانە دەرخستووە، کە بە پایسکل دەچنە سەر کار، لەلای ئەوان مەترسی تووشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجە و هەموو جۆرە نەخۆشییە کوشندەکان کەمتر بووەتەوە.

### ئەستێرەکانی بارسا لێی تووڕەن..

# پیکێ بێتامی کردووە



**رووداوی وەرزشی ـ CNBC**

هەندێ ڕاپۆرتی ڕۆژنامەڤانی ئیسپانی دووپاتی دەکەنەوە، ئەستێرەکانی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی، لە جیرارد پیکێی بەرگریکاری تیپەکە تووڕەن، بەهۆی ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانەی لە دەرەوەی یاریگەکان و لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەیانکات.

ئەستێرەکانی بارسا وا هەستدەکەن، پیکێ لە ئامانجی سەرەکی خۆی لە بارسا دوور دەکەوێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە بەرگریکاری تیپەکەیە، هاوڕێیانی پیکێ پێیانوایە، ئێستا ئاستی پیکێ لە یارییەکان لە هەڵکشان و داکشان دایە، ئەویش بۆ کەمی چاوخستنەسەری لە یارییەکان دەگەڕێتەوە، ئەوەش لە یاری ڤیاڕیال لە هەفتەی ڕابردوودا بە ڕوونی دەرکەوت.

پیکێ ئێستا لەسەر یاریگە خاو بووە، جوولەی قورسە، ئەوەش لە هێرشێکی ڤیاڕیال لێی دەرکەوت، لەو یارییەی تیپەکەی بە 4 ـ 1 گۆڵ بردییەوە. ئەمەش هاوڕێکانی ئەوی لێ تووڕە کردووە، چونکە پێیانوایە پیکێ خۆی بە شتی دیکەوە خەریک کردووە، کە بەردەوام بایەخ بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەدات و لەوێوە هێرش دەکاتە سەر ڕکابەرانی بارسا، بەتایبەتی ڕیال مەدرید و یاریزانەکانی.

وەک سەرچاوە نزیکەکانی یانەی کەتالۆنی باسی دەکەن، بەشێکی زۆری هاوڕێیانی پیکێ پێیانوایە، دەبێت واز لە نانەوەی مشتومڕ لە سۆشیال میدیا بێنێت و چاو بخاتە سەر ماوەی یەکلاییکەرەوەی ئەم وەرزە.

### پێشبڕکێ



**به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

ئارام عومەر لە سیروان

بە لێدوانی:

(نەمخەیتە پێشەوە، ئەکەویتە کێشەوە)







هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
رووداو هەمووومان گەنجتر دەکاتەوە

RÛDAW
(رووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
www.rudaw.net

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 833 34 44
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولرەحمان